# گریانی هەنار

قوبادی جەلی زادە
jalyzada@yahoo.com

ژنێک .. ،
خۆشی دەوێم .
ژنێک ،
بەژن درێژتر لە بەژنی فیراق و
کورتتر لە بەژنی زەردەخەنە !
ژنێک ،
چاو رەشتر لە شکست و
قژ خاوتر لە رووبار !

ژنێک
چاوەرێی من دەکات ...
منێک ،
دەچمەوە سەر رەچەڵەکی پەپوولە ،
کەچی دەبێ
بە تفاقی شەرەو رێکەوم !!

ژنێک ..،
خۆشی دەوێم ..
ژنێک :
دەم گەرمتر لە ئاگردانی گوڵ و
دەنگ بە جۆشتر لە موزیکای ئاگر !
ژنێک ،
قۆڵ لووستر لە ئومێدوو
پەنجە ناسکتر لە خەون !

ژنێک..،

چاوەڕێی من دەکات ..

منێک ،

لەناولەپی بیابان تینوو تر ..

کەچی دەبێ ،

بە ڕێژنەیەک بارانەوە بچم !

ژنێک ،، ،

چاوەڕێی من دەکات ..

مەمک ، گەورەتر لە سێوی ئادەم و

بچووکتر لە چنگی لەزەت !

ژنێک ..،

هەناسە بۆن خۆشتر لە سەفەروو

پێکەنین ئاڵتر لە گریانی هەنار !

ژنێک ..،

چاوەڕێی من دەکات ..

منێک ،

سەر بە بنەماڵەی شمشێر ..

کەچی دەبێ ،

بە دەسکە گوڵەوە ڕێکەوم !

ئەو ژنە ،

چاوەڕێی کێ دەکات !؟

www.dengekan.com
19/01/2006